# ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئافرەت
# لە دەوڵەتی ساسانیدا (224-651ز)

**پ. د. نرمین علی محمدامین**
narmen.ameen@su.edu.krd
**پ. ی. د.کلثومە جمییل عبدالواحد**
kalthuma.abdulwahid@su.edu.Krd

**پوختە**

دەوڵەتی ساسانی لەسەر بنەمای ئایین(زەردەشتی) دروست ببوو، هەردوو دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی لە ژێر ئاراستەی پیاوانی ئایینی دابووە، بەمجۆرە پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئافرەتیش بە پێوەری ئاڤێستا بووە، بە پێی دەقەکان بە تایبەتی لە (بندهش)دا هاتووە و ئاماژە بەوە دەکات، کە کاری سەرەکی ئافرەتان پەروەردە کردنی منداڵ و گرینگی دان بە خێزانە، ئەویش بە ئەرکێکی پیرۆز و مەزن سەیرکراوە، بەمەبەستی پەروەردەکردنی نەوەیەکی بە توانا و لێهاتوو، تاوەکو بتوانن لە بەرامبەر دوژمنانی ڕاستی و پاکی بجەنگێن، هەروەها لە داهاتوودا ببنە ئەندامێکی بەسوود بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت، بۆیە زۆر جەخت لەسەر پێکهێنانی خێزان و ژیانی هاوسەری دەکرایەوە، لە رووی سیاسییەوە، لەسەر بنەمای ئایینەکەدا ڕێگا بە ڕەگەزی مێ نەدەدرا جڵەوی ڕاستەخۆی حوکم بگرنە دەست، بەڵام لە نێوان ساڵانی 628- 632ز حوکمی بنەماڵە بە ئاراستەیەك داچوو، کێشە لەسەر دەسەڵات دروست بوو، بەهۆی کێشەی نێو بنەماڵەی حوکمڕانی ساسانی نەخوێندنەوەی یەکتری لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا نۆ پاشا هاتنە سەرتەخت، کە دووانیان ژن بوون، بە هۆی باڵادەستی تیرۆ لە کۆشك و خراپی ڕەوشی سیاسی، ئەمەش وای کرد کورسی حوکمڕانی بۆ دوو کچی (خوسرەوی دووەم، 590-628ز) (بۆران دۆخت و ئازەرمیدۆخت) چۆڵ ببێت، بە شێوەیەکی گشتی لە گەڵ هەبوونی تێبینی لەسەر ڕەوشی ئافرەتان لە دەوڵەتی ساسانیدا، بەڵام بە بەراوورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا مافی سەربەخۆیی ئابووری و هەڵبژاردنی هاوسەرییان هەبووە، ئێمە لەم بابەتەدا تیشك دەخەینە سەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئافرەت لە دەوڵەی ساسانیدا.

کلیلی توێژینەوە: دەوڵەتی ساسانی، ئاڤێستا، خێزان، پەروەردەکردن، ڕەوشی سیاسی، بوران دۆخت، ئازەرمیدۆخت.

**المخلص:**

قامت الدولة الساسانية على أساس الدين (الزرادشتية) وكانت السلطة السياسية والدينية على حد سواء تحت إدارة رجال الدين وبالتالي كان الوضع الاجتماعي والسياسي للمرأة وفقا لمعايير والنصوص الأفستا وخاصة في بندهاش وكانت وظيفة المرأة الأساسية تربية الأبناء ورعاية الأسرة، وهو ما يعتبر واجبًا مقدسًا وعظيمًا على اساس الدينية من أجل تربية جيل قادر ليتمكن من محاربة أعداء الحق والطهارة ولم تكن للمرأة سياسيا حق بتولي الحكم المباشر، لكن بين عامي (628-632م) حدث تغير باتجاه اخر في حكم الأسرة حيث خلال عشرة سنوات حكم الأخيرة تولي تسعة ملوك، كان من بينهم ملكتان وحدثت مشاكل في السلطة وأدت إلى هيمنة العنف والرعب في القصر وعدم قبول الاخر وسوء الوضع السياسي مما ترك العرش شاغراً لابنتين (خسروي الثاني، 590-628 م) (بوران دخت وآذرميدخت) و نتحدث بشكل عام في البحث عن وضع المرأة في الدولة الساسانية مع مقارنتها مع الدول المجاورة حيث كانت لهن الحق في الاستقلال الاقتصادي واختيار الزواج و نلقي ضوء على تأثير دور المرأة الاجتماعي والسياسي في الدولة الساسانية بشكل خاص.

مفتاح البحث: الدولة الساسانية، أفستا، الأسرة، التربية، الوضع السياسي، بوران دخت، أذرميدوخت

**Summary**

The Sassanid state was based on religion (Zoroastrianism), both political and religious power was under the direction of religious men, thus the social and political position of women was according



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

to the Avesta criteria, according to texts, especially in Bandhash Women's main job is to raise children and take care of the family, which is considered a sacred and great duty, in order to raise a capable generation, so that they can fight against the enemies of truth and purity Politically, on the basis of religion, women were not allowed to take direct rule, but between 628-632 AD, family rule went in a direction during the last ten years, nine kings ruled, including tow queens, there were problems with force led to the dominance of violence in the palace and the ancapcity political situation, which left the throne vacant for two daughters (Khusravi II, 590-628 AD) (Boran Dokht and Azermidokht), generally with comments on the status of women in the Sassanid state However, compared to neighboring countries, they had the right to economic independence and choice of marriage. In this article, we will focus on the impact of women's social and political role in the Sassanid state.

Research Key:
Sassanid state, Avesta, family, education, political situation, Buran Dokht, AzermidoKht.

**پێشەکی**

بیروبۆچوونی ئایین و چینایەتی لە دەوڵەتی ســاســانیدا، ڕۆڵ و پێگەی تاکەکانی کۆمەڵگای دیاریکردبوو، بەڵام وەك ڕەگەز مامەڵەی لە نێو کۆمەڵگاشدا بە پێی هەڵکەوتەی پێگەی خێزانەکەی لە نێو چینەکانی کۆمەڵگای ساسانیدا پێگەی خۆی وەرگرتووە، ئەم توێژینەوەیە، تایبەتە بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ســیاســی ئافرەت لە دەوڵەتی ســاســانیدا، بابەتەکە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا ئاماژە بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئافرەت لە دەوڵەتی ســاســانی کراوە، کە چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت، وەك هاندانی پرۆسەی هاوسەرگیری و جۆرەکانی لە کۆمەڵگای ساسانیدا، دواتر یەکێ لە کارە سەرەکیەکانی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا باسکراوە، ئەویش پەروەردەکردنی منداڵە، لە تەوەروەی دووەمدا باسی ڕۆڵی ئافرەت لە بواری سیاسییدا کراوە، کە تێیدا ئاماژە بە ئافرەتانی کۆشــك(شــاژن) کراوە، بەدیاریکراوی ماوەی حوکمڕانی هەردوو لە کچانی (خوســرەو پەروێز)، ئەوانیش (بوران دۆخت) و (ئازورمیدۆخت)، کە بوون بە شای دەوڵەتی ساسانی، خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

**ئامانجی توێژینەوە**

1. دەرخستنی پێگەی ئافرەتان لە دیدی ئایینی زەردەشتی.
2. دەرخستنی جیاوازی ڕەوشی ئافرەتان لە دەوڵەتی ساسانی، بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تری هاوسەردەمی دەوڵەتی ساسانی،

**پرسیارەکانی توێژینەوە**

1. ئایا ڕەوشی ئافرەتان لە دەوڵەتی ساسانیدا لە چ ئاستێکدا بووە ؟
2. سیستەمی چینایەتی لە کۆمەڵگای ساسانیدا، ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆڵی ئافرەتاندا هەبووە؟
3. ئایا ئافرەتان لە دەوڵەتی ســاســانیدا بەژداری کارایان هەبووە، لە کایەی کۆمەڵایەتی و ســیاســیدا؟ تا چ ڕادەیەك پیاوانی ئایینی ڕێگەیان بەمە داوە؟

**تەوەرەی یەکەم**

**ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئافرەت لە دەوڵەتی ساسانیدا(224-651ز)**

**1. ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگای دەوڵەتی ساسانیدا**

لە دەوڵەتی ســاســانیدا کۆمەڵگا، بۆ چەند چین و توێژێك دابەش کرابوون[1]، هەر چینە شــوێنێکی تایبەتی هەبووە و بە یاسا ڕێکخرابوو[2]، لەو سەردەمەدا ئافرەتانیش وابەستەی ئەو سیستەمە بوونە، لە نێوان چینی خانەدانان وپلە باڵاکان(ئازادان) و چینی گشــتی(پیشــەوەران)، دیارە ئافرەتانی پلە باڵا ماف و پێگەی تایبەتیان هەبووە، بەڵام ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی چینی گشــتی لە چوارچێوەی ئەو چینەدا بووە کە تێیدا ژیاون.

سیستەمی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ساسانی وەکو هەر کومەڵگایەکی تری سەرەتایی نێرسالاری، یان پیاو سالاری بووە(شعبانی، 1380: 334)، بە پێی ئەو سیستەمە، پیاوان باڵادەستن، کە چی ئافرەتان لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە، لەو ئاستەدانەبوونە، بەوەی لە ماڵەوە بوونەو کار و پیشەی دەرەوەیان نەکردووە، بەوەی ئەرکی پیاو بووە، لە پەیداکردنی پێداویستی ژیانی ڕۆژانە، لە خورادن و پاراستن لە مەترسی، لێرەدا هەیە دوو هۆکار دیاریدەکات بۆ ئەم مەبەستە ئەوانیش:

یەکەم: بەهۆی سروشتی ئافرەتەوە، بەوەی ئافرەت کاری لە ناو ماڵ بووە، وەك ئامادەکردنی خواردن وپەروەردەکردنی منداڵ.

دووەم: بەخشینی ئارامی بۆ پیاوەکەی، بۆ ڕاوکردن و بژێوی ژیان، یاخود بۆ جەنگ کردن چووەتە دەرەوە، کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ پێویست بووە لەسەر ئافرەتەکە کەشێکی ئارام بۆی فەراهەم بکات(کیال،1981: 6).

ئەوەی تێبینی دەکرێ لە مێژووی زۆربەی شارستانێتییەکاندا لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایتیەوە، ڕۆڵی ئافرەت فەرامۆشکراوە، یاخود بە شێوەیەکی ناشایستە ڕەفتاریان لە گەڵ کردوون، بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا لە رووی سیاسیەوە مافی دەنگدان و بەژداریکردنیان لە کایەی سیاسیدا نەبووە، بەوەی کە توانای بەڕێوەبردن و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی نیە، لە رووی ئابوورییەوە خاوەنی سەرمایەی خۆیان نەبوونە، بەڵکو خودی خۆیان موڵکی پیاوان بوونە و وەکو هەر کاڵایەتی تر کڕین و فرۆشتنیان پێ کردوون، بەهەمان شێوە لە لای ڕۆمانەکانیش مافی دەنگدانیان نەبووە(عباس، 1987: 54)، بەهەمان شێوە لە لایەن چینیەکان و هیندییەکانیش ئافرەتان ڕێزی شایستەیان لێ نەگیراوە، لە لای عەرەبەکان هیج جۆرە مافێکیان نەبووە، بەڵکو بوونی بە مایەی سەرشۆڕی و سووکایەتی دانراوە، وەکو کاڵا (الامتعة) ڕەفتاریان لە گەڵ کردوون، بێ بەشبوون لە میرات، بە وتەی خۆیان میرات بۆ ئەوانە نییە کە شمشێر هەڵناگرن، واتا (جەنگاوەر نین) (الزیات، 2012: 8_ 12)، زۆر بە چاوێکی کەم سەیری کچەکانیان کردووە وزۆریان پێناخۆش بووە کاتێ کچیان دەبوو، هەروەکو لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەمە کراوە **" واذا بشر احدهم بالانثى ظل وجهه مسودا وهو كظيم"** (النحل: 58)، لە لای هەندێ لە هۆزەکانی عەرەب بە زیندوویی دەیانخستنە ژێرخاك، یان(زیندەبەچاڵ)یان دەکردن، بە هەمان شێوە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە **" واذا الموءۆدت سئلت باي ذنب قتلت "** (التكوير:8)، لەوانەیشە لە لایەن گشت عەرەب وانەبووبێت، چونکە ئافرەتی بازرگان و دەسەڵاتداریش هەبوونە، کە حوکمڕانیان کردووە وەك شاژنی سەبا(Queen of Saba)[3](Abbott,1940:1). لە کۆمەڵگادا ئافرەتانی دەسەڵاتدار و کاریگەر کەم بوونیە.

لە دەوڵەتی ساسانیدا ڕەوشی ئافرەتان بە بەراوورد لەگەڵ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆربەی ئافرەتانی جیهانی ئەوکات، هەروەکو ئاماژەی پێکرا جیاواز بووە، دیارە ئەویش بەهۆی ئایینەکەوە بووە، بە پشت بەستن بە دەقەکانی ئاڤێستا، ،کە فەرمان و ئەرکەکانی بۆ هەردوو ڕەگەز وەکو یەك دیاری دەکات، هەروەکو هەرکاتێ باسی گیانی پاکی پیاوان بکات ڕاستەخۆ ئاماژە بە ئافرەتانیش دەکات لە یەسنا هات 53، بەندی 5،**" ئەی پیاوان و ئەی ژنان ئەمە بە دروستی بزانن کەلەم جیهانەدا، درۆ هەڵخەلەتێنەرە، لێی دا بیڕن و بڵاوەی پێمەکەن، ئەمەش بزانن کە ئەو خۆشییەی کە لە فەساد و تاریکدا بە دەست دێت، هۆی پەشیمانی و حەسرەتە، ئەو خراپەکارانەی کە ڕاستی خراپ دەکەن، ژیانی مەعنەوی خۆیان کاول دەکەین".**

و لە یەسنا هاتی 54، بەندی 1هاتووە" **ئەی ئەیریەمەنی هێژا،،، ڕوو لە ئێرە بکە، بۆ پاڵپشتیی و یاریدەی ژنان و پیاوانی زەردەشتیی بۆ یاریدەی سروشتی چاك و ئەو دینەی، کە شایانی گرانبەهاییترین پاداشتە"**، هەروەها لە فەروەدین یەشت، کردە 31، بەندی 143، کە تێیدا ئاماژە بە پیاو و ژن دەکات بە بێ جیاوازی وەکو **"ستایشی فرەوەشیی پیاوە ئەشەڤەنەکانی سەرزەوییە ئێرانییەکان دەکەین)**، دواتر ڕاستەخۆ باسی ئافرەتان دەکات وەك**"ستایشی فرەوەرشیی ژنە ئەشەڤەنەکانی سەرزەوییە ئێرانییەکان دەکەین"**. ئەم ستایش کردنە بە بێ جیاوازی بۆ هەردوو ڕەگەز وەك یەك بووە.

پێگەی ئافرەت لە ئاڤێستا وشەرحەکانیدا، تەنها لە چوارچێوەی خێزاندا دیاری دەکات، وەك لە(دینکرد، 9) هاتەوە بەوەی پێویستە کچان فێری ماڵداری بکرێن چونکە کاری سەرەکی ئەوان پەروەردە کردنی منداڵە، هەروەها لە (بندهش)دا هەمان ئەرك دیاری دەکات کە لە بارەی ژنان ئاماژی بەوە دەکات ئەرکی سەرەکی ئافرەت، منداڵ بوون و پەروەردەکردنیەتی کە دەڵێ **"هورمزد ڕووی لە ژن کرد و فەرمووی: ئەی ژن، تۆ دەژیت بۆ ئەوەی ژن و پیاوی مەزن و پاك و بە هێز لە ئامێزی پاك و پیرۆز و پر خۆشەویستی خۆتدا پەروەردە بکەیت، کە ببێتە هۆی نەهێشتنی دوژمنانی ڕاستی و پاکی لە جیهان دا "** (بندهش، 1395: 83)، مزداپور ئاماژە بە ڕۆڵی ئافرەت دەکات لەدوو دیدگاوە، یەکەم تایبەتە بەخودی ئافرەتەوەیە، کە داوای لێکراوە ئایینەکە هەڵبژێرێ و پەیڕەوی بکات، دووەم ئافرەتان بەشێکی پێکهاتەی کۆمەڵگان، وەکو کچ و هاوسەر و دایك لە خێزاندا، بەژداری سەرەکین بۆ مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، لە ڕێگەی منداڵ بوون و پەروەردەکردنی(1371: 11). لەمەوە دەردەکەوی کاری ئافرەتان لە چوارچێوەی ماڵەوە بووە، ئەم ڕۆڵەشی بە کارێکی مەزن دانراوە، کە ئەویش پێگەیاندنی نەوەیەکی ئازا و جەنگاوەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ڕاستی و تاریکی، لە کۆمەڵگای کوردیشدا ئافرەتان بە کۆڵەکەی خێزان دانراون، ڕۆڵی مەزنیان هەبووە لە پەروەردەکردنی منداڵ.

لە گەڵ ئەو لایەنە ئەرێنیەیی ئافرەتان لە سەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا، هەندێ لە یاساکان مەرجی کۆت و بەندی توندیان تێدا بەدی دەکرێ، بۆ نموونە بە پێی سیستەمی چینایەتی بە هیچ جۆرێ ڕێگە پێدراو نەبووە، هاوسەرگیری لەگەڵ چینێکی تردا، جگە لە چینی خۆیدا بکات، وەکو یاسایەکی پارێزراو زۆر بە توندی پارێزگاری لێ کراوە، بۆنموونە پلە باڵاکان و خێزانی

دەسەڵاتدار هەر لە نێوان خۆیاندا هاوسەرگیرییان دەکرد، بۆ نموونە (ئەردەشێر کوڕی بابك،224-241ز) دامەزرێنەری دەوڵەت زیاتر پێداگری لەوە دەکرد، کە نابێت دەسـەڵاتدارەکان، چینی گشـتی بکەنە هاوسـەری خۆیان، تاوەکو پاریزگاری لە چینایەتی بکرێ و تێکەڵی یەکتر نەبن (اسـفندیار، 2012: 41)، وەکو خانەدانـان و پلە بـاڵاکانی دەوڵەت، تەنها کچی خانەدانـان و پلە باڵاکانیان دەخواست، بەتایبەتی بۆ شـا، زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەو ئافرەتەی دەبوو بە هاوسەری شا نازناوی شاژنی (الملكة) وەردەگرت، بۆیە پێویست بوو ئافرەتەکەش لەو ئاستەدا بێت، بەڵام لەوانەیە هەندێ جار شاکان بۆ ئارەزووی خۆیان یاساییەکان شکاند بێ، بۆ نموونە کاتێ شا (خوسرەو پەروێز، 590-628ز) ئارەزووی بوو هاوسـەرگیری لەگەڵ شیرین بکات، هەرچەندە ئاماژە هەیە لەوانەیە (شـیرین) لە چینی خانەدان نەبووبێ، دوایی هەوڵی زۆر و توانی پیاوانی ئایینی ڕازی بکات و دەرچەیەك بدۆزنەوە بۆ ڕێکخستنی هاوسەرگیری نێوان (خوسرەو پەروێز) و (شیرین) عبدالواحد، 2023: 132).

لە دیدی ئایینی زەردەشتیدا هەندی کردار هەبوونە بە تاوان هەژمارکراوە، بۆ سرینەوەی تاوان پێویستی بە سزادان هەبووە، وەك لە ڤیندیداد لەبەشـی پازدەهەمدا، کە ئاماژە بە تاوانی لەباربردنی منداڵ دەکات، بە تاوانێکی زۆر گەورە هەژمار کراوە، هەروەها لەبەشی شازدەهەمدا کە تایبەتە بە (زەیستان و سووڕی مانگانەی ئافرەتان)، پێویست بووە لەسەر ئافرەتان دووربن لە ئاگر، ئەمە لە فەرمایشتەکانی ئایینەکە بووە[4]، بەڵام بە بەراوورد لەگەڵ ئەو ڕەوشەی ئەوکات، ئافرەتان لە دەوڵەتی ساسانیدا، بە پێی دەقەکانی ئاڤێستا ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەبووە، وەك دابەشکردنی میرات و سەربەخۆیی لە هەڵبژاردنی هاوسـەر، بەوەی ئافرەتان ڕێز و پێگەی خۆیان هەبووە، لەگەڵ پیاوان لەکارو پیشـە و بەڕێوەبردنی ماڵ بەژداربوونە، پیاو سـەرۆکی خێزان بووە، ناسـناوی (گذگك خدای، یان سـردار دوذگ) واتا بەڕێوەبەری ماڵ، یاخود سـەرداری خێزان هەبووە، ئافرەتیش ناسـناوی (كذك بانوگ)هەبوو، کرسـتنسـن ئاماژە بە تایبەتمەندی ئەو ناسـناوە دەکات، کە بە واتای کابانی ماڵ دێ (کریسـتنسـن، 1957: 309)، بەڵام توێژینەوەی نوێ هەیە ئەوە دەردەخەن (کذگ) بە واتای پارێزەر، یاخود چاودێری خێزان دێ، بەوەی ئەگەر پیاو سـەرۆك، یاخود سـەرداری خێزان بووبێت ئەوا ئافرەتیش وەزیر، یاخود وەکیلی ئەو بووە، لە کاتی نەبوونی پیاو، ئافرەت خۆی سەرکردایەتی خێزانەکەی کردووە(مظاهری، 1377: 142).

2. **هاندانی پرۆسەی هاوسەرگیری**

لە مێژووی کۆنی ئێراندا تا سـەردەمی سـاسـانیەکان بنچینەی دامەزراندنی حکومەت لەسـەر بنەمای خێزان بوو، پێکهێنانی خێزان لە ڕێگەی پرۆسـەی هاوسـەرگیرییەوە بووە[5]، ئەویش بە فەرمانی ئاهۆرامەزدا، بە کارێکی بەرز و پیرۆز دانراوە، کە گرنگترین بەشـی ژیانی ئێرانیەکان بووە، کە بە هۆیەوە کۆمەڵگایەتی پاك و دوور لە بەدڕەوشتی دروست دەبێ، وێرای ئەوەی هۆکارێکیشـە بۆ مانەوە و پاراسـتنی وەچەی مرۆڤایەتی لە سـەر زەوی(علوی، 1386 :79)، هەرلەبەر ئەوەیە لە ئایینی زەردەشتیدا زۆر گرینگی بە هاوسەرگیری دراوە، داوا لە هاوسەران دەکات دڵسۆز و بە وەفا بن بۆ یەکتری بەمەبەستی دڵسۆزی بۆ گیانی چاکە، کە بەرزترین ئامانەتە، بەوەی ئەنجامدانی کرداری خراپ لە هاوسەران ناوەشێتەوە(2012: 98)، هەربۆیە زۆر ستایشی کەسانی خێزاندار کراوە، ئەمەش زیاتر مەبەستی هاندانی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بووە، هەروەکو لە ڤەندیداد هاتووە ئەهۆرامەزدا پیاوی خێزاندار و خاوەنی ماڵ و منداڵ و سامانی زۆری پێ باشترە، لەوەی خێزانی نەبێ و بێ ماڵ و سامان بێ، ئەهۆرەزمەدا بۆ زەردەشت ڕوون دەکاتەوە و پێی ڕادەگەیێنی و دەڵێت: **"ئەی ئەسپێنتمان زەردەشت، ئەز هەمیشە پیاوی ژندار لە پیاوی بێ ژن، پیاوی خانودار لە پیاوی بێ خانوو و پیاوی خاوەن منداڵ لەبێ منداڵ، پیاوی ساماندار لە پیاوی بێ سامان بە چاکتر دەزانم"** (الڤیندادە، 2001: 66)، ئەم پرۆسـەیە لە کۆمەڵگای سـاسـانی لە ڕێگەی زوو هاوسـەرگیری کردنی کوڕان و کچانەوە بووە، وەك کچ لە تەمەنی پازدە سـاڵی بگرە زووتریش بە شـوویان دەدان، یاخود هەرکاتێ (پێگەیشـتوو، بالق) بوونایە، بەهەمان شێوە کوڕانیش لەتەمەنی نزیکەی بیست ساڵی ئەو پرۆسەیان ئەنجام دەدا (خانی وعزیزی، 1386 : 79)، لەبەرئەوەی ئەوان لە ژێر سێبەر و هەژموونی ئایینی زەردەشـت ژیانیان دەکرد، بۆیە هەموو ئاواتیان ئەوە بووە کچەکانیان فێری کاروباری خێزانی بکرێن تا تەمەنی پازدە ساڵی ئامادەیان بکەن تا بە شوویان بدەن، هەروەکو لە پەندنامەی (ئازەرباد ماراسپەند)[6] هاتووە **" کچەکەت وشیار و زانا ڕابێنە و هاوسەرێکی وشیار و زاناشی بۆ هەڵبژێرە"** (ایرانی، 1334 :96)، **هەروەکو بارتملە ئاماژە بەمە دەکات بۆیە** کچەکان فێری ماڵداری دەکران، تاوەکو ببنە کابانی ماڵ (1337 :43)، لە یەسـنای 53 لە بەندەکانی(3 و 4)کە لەسـەر ژن هێنان و هەڵبژاردنی ژیانی هاوسـەریی و هاندانە بۆ ژن هێنان، کە تێیدا هاتووە :**"هاوسـەری ژیانتان ئارەزومەندانە هەڵبژێرن، داوێن پاکی و پاریزگاری ، بەهای تایبەتی ژنانە_ دەخوازین ڕووناکایی وسـروشـتی چاکمان پێ بگات"**، هەروەها لە یەسنا 53 لە بەندی 4 دا زەردەشت لەڕێگەی هاوسەرگیری کچەکەی پوروچیستا گرنگی هاوسـەرگیری دەخاتەڕوو، کە تێیدا هاتووە: **"ئەم قسانە بۆ ئێوە دەکەم، ئەی تازە بووکان و تازە زاواکان، ئامۆژگاریم بە ئەندێشـە و بیسـتن و لە بیری مەکەن و بە ویژدانی خۆتان لێکی بدەنەوە بە کاری بهێنن، بەردەوام بە ئەندێشـەی چاکەوە بژین و هەرکەسـێك لە ئێوە لەڕاسـتیدا بکەوێتە پێش ئەویترەوە تاکو لە ژیان و بارودۆخی چاك بەهرەمەندبن"**.

بۆیە پێویست بوو لەسەر هەموو بڕوادارێك هاوسەرگیری بکات بەوەی گەورەترین جۆری خوا پەرستیە کە بەندە پێی لە خودا نزیك دەبێتەوە و کۆمەڵگایەکی ئاسودەش دروست دەبێ(احمد،2001 : 108 –109)، خێزان پێکەوەنێ و ماڵ بۆ هاوسەر و منداڵەکانی دروست بکات، ئەمەش پەیوەندی بە بنەمای بیروباوەڕی ئایینی زەردەشتیەوە هەبووە، ئەویش شەڕی نێوان هەردوو هێزی خراپە و چاکەیە مەبەست لە بوونی مرۆڤ بۆ شەڕ کردنە لە دژی هێزی خراپە، بۆ ئەوەی پشتیوانی و پاڵپشتی زیاتری هێزی چاکە بکرێ، بۆ شکست پێهێنانی هێزی خراپە پێویستی بە تازەکردنەوەی ژیانە، ئەویش لە ڕێگەی کرداری هاوسەرگیری و خستنەوەی منداڵ بووە(Cawasgi Katrak,1965: 6)، لەبەرئەوە پێویست بوو یارمەتی ئەو کەسانە بدرێ کە خێزانیان نییە تاوەکو هاوسەگیری بکەن، هەروەکو لەڤەندیداد بەشی چوارەم لە بەندی 44 دا **هاتووە "ئەرکی سەر شانی هەموو کەسێکە کە برای ئاینی خۆی هانبدات و ڕێنمای بکات بۆ ژن هێنان و بەرپاکردنی ژیانی هاوسەرێتی"** (200،: 66)، وازهێنان لە ژن هێنان، یان ژیانی ڕەبەنایەتی قەدەغە وتاوان بووە، هەربۆیە پێویست بووە یارمەتی ئەو کەسانە بدرێ کە هەژارن ناتوانن بەهۆی نەبوونیەوە هاوسەرگیری بکەن، هەروەکو لە ڤیندیداد بەشی چوارەم لەم بارەیەوە هاتووە **"پیاوێك کە ژنی هەیە خاوەنی فەزیلەتەو پیاوێك کە کوڕی زۆری هەیە فەزیلەتی هەیە و دەوڵەمەندتر و باڵاترە لە پیاوێك کە نییەتی"** (2001: 66).

لەسەر خێزان پێویست بوو کچەکانیان زوو بە شوو بدەن و کوڕەکانیان زوو ژن بۆ بهێنن، ئەرك بوو لەسەر هەر باوکێك، هەرکاتێ کچەکەی گەیشتە تەمەنی بە شوودانی، هاوسەرێکی شیاو بۆ هەڵبژێرێ، ئەگەر باوکەکە کەمتەرخەم بوو لە بەشوودانی، ئەوە بە تاوانبار هەژماردەرکرا، تەنها بەمەرجی ئەوەی بگەنە تەمەنی دیاریکراوی هاوسەرگیری، بە هەمان شێوە بۆ کوڕەکانیش وابووە، وا دیارە لە تێروانینی زەردەشتیەکاندا، بۆ ئەوەی کوڕەکانیان و کچەکانیان دووچاری خراپەکاری نەبن، هەربۆیە زەردەشت ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد کە زوو هاوسەرگیری بکەن، هەر لەبەر ئەوەشە چەندین جۆری هاوسەرگیری لە کۆمەڵگای زەردەشتی ساسانیدا پەیڕەو کراوە، تاوەکو ڕێگە لە بەدڕەوشتی و کاری نەشیاو بگرن. بۆیە ئەنجامدانی تاوانی داوێن پیسی، تاوانێکی مەزن بووە و سزای مردنی لەسەر بووە(شبیب، 2014: 143).

### 3. جۆرەکانی هاوسەرگیریی

کاتێ باسی هاوسەرگیریی لە دەوڵەتی ساسانیدا دەکرێ، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە هاوسەرگیریی (هاوشیری، هاوخوێنی، محارم) دەکرێ، جۆرە هاڤژینیە لە ژێر ناوی (خویش دودە)، یان (خویدوداه = خویش دودە)، (xwedodah) (ازدواج خویشاوندان نزیدك)، یان (محارم) هاتووە، ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بریتیە لە هاوسەرگیریی نێوان، ئەندامانی یەك خێزان، پلەی نزیکی یەکەم (باوك کچی خۆی، یاخود کوڕ دایکی، یان خوشکی) خۆی مارە بکات، هەرکاتێ توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکرێ دوو بۆچوونی جیاواز دێتەپێش، ئەوانیش پشتگیری و دژایەتی کردن، خستنەڕووی ئەو بەڵگانەی کە پەیڕەو کراون، بۆیە چۆنیەتیی تاوتوێکردنی دەکەوێتە سەر ئەو بیروبۆچوونانەی کە لەبارەیەوە نووسراوون.

بە هەبوونی بەڵگەی سەرچاوەی ئاڤێستا(دینکرد،Denkard، 9) و گێرانەوەی سەرچاوەی موسڵمانان و ڕۆژهەڵاتناسان، جەخت لەوە دەکەنەوە بە هەموو پێوەرەکان ئەم کارە لە سەردەمە جیاوازەکاندا بوونی هەبووە و پەیڕەو کراوە(مرعی، 2022: 73-96)، گەشتیاری چینی (Hiuen Tsiang) لە سەرەتای سەدەی حەوتەمدا ژیاوە، ئاماژە بە هەبوونی ئەم جۆرە مارەکردنە لە ئێراندا دەکات بەوەی تێکەڵاویەکی ڕەهایی بووە(Beal, 1884 :278)، هەروەها (دریایی) شارەزا لە مێژووی ئێران(ساسانی) بەهەمان شێوە باس لەوە دەکات، بەوەی هەرکەسێ شارەزایی زمانی پەهلەوی هەبی و بتوانێ لە دەقەکان تێبگات، دەگاتە ئەو ڕاستیەی، کە هاوسەرگیری محارم پەیڕەو کراوە(1383: 177)، بەڵام زەردەشتیەکان لەو بڕوایەدان ئەم بۆچوونانە بە مەبەست یان بە هەڵە تێگەیشتن درووستبووە، بەوەی ئەم جۆرە هاڤژینیە لە ئایینی زەردەشتیەتدا نەبووە، جگە لە تۆمەتێك هیچی دیکەنەبووە، بەڵکو بوختانە بۆ یەکەمجار یۆنانییەکان داویانە پاڵ ئێرانییەکان دواتریش ڕۆمانەکان و عەرەبەکان لەوانەوە وەریانگرتووە(مظهری:122-123)، زەردەشتیەکان کە سوورن لەسەر ئەوەی ئەم جۆرە هاوسەرگیریە لە ئایینی زەرشتیدا نییە و بووختانە، بۆیان هەڵبەستراوە بۆیەبە چەندجاڵێك ڕوونکردنەوە دەخەنەڕوو، کە بریتین لە:

یەکەم. مەبەست لە هەڤژینی هاوخوێنی، ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لە نێوان یەك ماڵباتدا کە ئەویش بۆ پاراستنی سیستەمی چینایەتی بووە، واتا هاوسەرگیری لە نێوان خزمە نزیکەکانی یەك بنەماڵە بووە، هەروەکو ئەردەشێر کوڕی بابك دیاری کردبوو، پێویست بووهاوسەرگیری تەنها لە نێوان یەك چیندا بکرێ، تاوەکو زنجیرەی سیستەمەکە تێکنەچێ، واتا لە نێوان ئامۆزاکان(کوڕە، کچە مام)، خوارزاکان(کوڕە خاڵ و کچە خاڵ).

دووەم. دەوتری بەهۆی هەبوونی هەندێ جۆی هاڤژینیەوە کە لە کۆمەڵگای ساسانیدا، سەریهەڵداوە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی ئەو بۆچوونەی، کە بوەترێ لە ئایینی زەردەشتیدا هاوسەرگیری محارم پەیڕەو کراوە، بەتایبەتی جۆری(ایوك زن، دواتر باسی دەکەین) (پەهلەوان، 2013: 517).

سـێیەم. لە ئاڤێسـتای كۆندا ئاماژە بەم جۆرە هاڤژینیە نییە، ئەوەی هەیە مەبەسـتی كاری چاكەیە، پیاوانی ئایینی زەردەشـتی ئەمە ڕەت دەكەنەوە، هەرچەنـدە لە وەرگێرانی ئـاڤێسـتـا و نووسـراوەكـانی تر، كە بۆ سـەدەی نۆیەم دەگەڕێتەوە ئەم بۆچوونە(هاوسـەرگیری محارم)ی تێدا بەدی دەكرێ، بەڵام ئەوان بۆ سـەردەمی ئەفسـانەیی دەیگەڕێننەوە، ئەوەی تێیدا هاتووە لە كاتی وەرگێراندا، هەڵەی تێدا كراوە، چونكە تێگەیشـتن لە نووسـنی پەهلەوی ئەسـتەم و دژواربووە، بۆیە واتای جیاوازی دروستبووە(كرستنسن، 1957: 311).

سـێیەم. كۆمەڵێكی تر دەیگەڕێننەوە بۆ سـەردەمی دەركەوتنی ئایینی (مەزەك)[7]، كەلەسـەر بناغەی هاوبەشـبوون لەهەموو شـتێكدا خۆی دەنواند، مارەكردنی هاوشـیری بەهۆی كاریگەری ڕێنماییەكانی مەزدەكەوە پەیدابووە(مظهری، 13: 123؛ مزداپور، 1371: 47)، بیروباوەڕی مەزدەكی لە داهێنانی مەزەك خۆی بووە، كە لەسـەردەمی (قوبادی یەكەم ،488- 497ز) بەدەركەوت، بۆچوونەكەی لە ژێر ناوی ئایینداد بڵاوكردەوە، كە بریتی بوو لە هاوبەشـی پێكردنی سـامان و ئافرەت، چونكە لەو بڕوادابووە، كە هۆكاری كێشە و نەهامەتی، سامان و ئافرەتانن، بۆیە دەبووت خوا ئەوانەی دروستكردووە تاوەكو بە یەكسانی لە نێوان خەڵكاندا دابەشبكرێ، ئەمە كاریگەری خراپی لە كۆمەڵگای ساسانی دروستكرد، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بەد ڕەوشتی و تێكەڵ بوونی نەژاد و تێكچوونی شیرازەی خێزان، چونكە ئەوانەی چووبوونە سەر ئەو ئایینە هێرشیان دەكردە سەر خانەدانەكان و دەسـتیان بەسـەر سـامان و ئافرەتانیاندا دەگرت، بۆیە دەوترێ ئەم هەڵە تێگەیشـتنە بۆ ئەو سـەردەمە دەگەڕێتەوە(كریسـتنسـن، 1957: 311).

مەسـەلەی مارەكردنی هاوشـیری، نەریتێكی كۆمەلگای خێڵەكی و سـەرەتایی بووە، لە زۆر كۆنەوە لە نێوان كۆمەڵگای بەرەبابەكاندا برەوی هەبووە، ڕەسەنایەتی و نژادی و خوێن پاكی و سوودە ئابوورییەكان هۆكارێك بوون بۆ هێنانەدی ئەم نەریتە كۆنە، لەگەڵ ئەوەشدا مارەكردنی هاوشیری لە گەڵ ڕەوشت و سروشتی مرۆڤدا گونجاو و سازگار نەبووە، مەزهەب هۆكارێك بوو بۆئاراسـتەكردنی ئەم نەریتە، سـەرچاوە مێژووییەكان ئەوە نیشـان دەدەن ئەم جۆرە هاوسـەرگیرییە لە نێوان هەندێ لە زنجیرەی پاشایانی ئێرانی كۆندا برەوی هەبووە. بە تایبەتی لەلایین عیلامیەكان و ئەخمینیەكان، بەڵام لەلایەن ساسانیەكان كەمتر پەیڕەو كراوە(قنبر، 2018: 132). هەربۆیە گریمانەی ئەوە دەكرێ، كە ئەم جۆرە هەڤژینە لە هەرێمە كوردییەكاندا نەبووە.

4. **هاوسەرگیریە باوەكانی سەردەمی ساسانی**

1، **پادشاه زن**، ئەو هاوسەرگیرییە لە نێوان كچ و كوڕ بە ڕەزامەندی دایك و باوك ئەنجامدەدرا، بە گشتی هەموو كچێك بۆ یەكەمجار بە ڕەزامەندی دایك و بـاوكی دەبوو بە بووك، ئەم جۆرە هـاڤژینە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە گەورەترین پێگەی ژن بوو، چونكە لە سـەر پێویسـتی هاوكوفی و وردی نێوان ژن و مێرد دەمەزرابوو، هەروەها ئەم ژنە و منداڵەكانی مافی میراتیان هەبوو، لە لایەكی دی خاوەن ئیمتیاز بوو چونكە بە پێی پرانسیپ و فەرمایشتەكانی زەردەشتی پیاو بۆی هەبوو تەنیا یەك ژنی پادشاهی بێنێت، ژنی دی بە چاگار دادەنرا(نفیسی، 1388: 55).

2، **ایوک زنی**، ئەگەر پیاوێك كوڕی نەبووایە، تەنها كچێك، یاخود كچی دیكەشـی هەبووایە_ بە شـوودانی كچەی لە ژێر ناوی(ئەیوك ژن)دەبوو، وشـەی ایوك بە مانای(یەك) دێت، یەكەم كوڕی كچەكە، كە لەم شـوو كردنەدا پەیدادەبوو، دەبوو بخرێتە سـەرناوی باوكی كچەكە، واتا كوڕەكەی دەبێتە كوڕی باوكی، تاوەكو سـامانی خانەوادەكەیان نەڕواتە دەرەوە (مزداپور، 1371: 47).چونكە كچ، كە شووی دەكرد میراتی بۆ ماڵی مێردی دەبرد.

3. **چاكرزن**، یان كارەكەر ژن بەوەی بێوەژنێك(تەڵاق دراوە، یان پیاوەكەی مردووە) شو دەكاتەوە بە پیاوێك، یان دەبێـتە ژنی دووەم، یاخود پیاوێك ژنەكەی نەخۆشـە نـاتوانێت ئەركی ماڵداری جێ بەجێ بكات، یاخود منداڵی نابێت، یاخود پیاوەكە بیەوێ ژنەكی تر بهێنیت، ئەم پەیوەندی ژن و مێردایەتیە لە ژێر نـاوی(چاكر) تۆمـار دەكرا، ئەم ژنە لە ماڵی مێردیدا پلەی و پایەی كەیبانوی ماڵی هەبوو، لە هەموو مافێك و خۆشـیەكی پادشـای ژن بەهرەمەندبوو، بەڵام لە دوای مردنی مەراسـیمەكانی كفن و شـاردنەوەو مەراسـمە ئایینیەكانی دیكەدا، دەكەوێتە ئەسـتۆی مێردی یەكەمی یان خزمی مێردی یەكەم، چونكە لە دیدی ئایینی زەردەشـتیدا، لە ژیانی دوای مردن، ژنەكە دەبێتەوە بە ژنی مێردی یەكەم، یەكەمین هاوسـەر لەدونیادا، لەو دونیاش هەر بۆ یەكتر دەبنەوە، شا و شاژنی یەكترن، كەوایە هاوسەری كولفەتی هەیە بەرامبەر هاوسەری یەكەم(علوی، 1377: 57-59).

4. **خودسـر زنی**، بریتیە لەو هاوسـەرگیرییەی، كە لە نێوان كوڕێك و كچێك و بەبێ ڕەزامەندی دایك باوكیان ئەنجامی دەدەرا، موبید مارەی دەكردن، بەڵام بەهۆی ناڕەزامەندی سەرپەرشتارییان بە هەر هۆكارێك بووایە، لە میرات بێ بەش دەكران، بە پێی یاسـا كچەكە لە میراتی ماڵە باوان بێبەش دەبوو، مەگەر خودی باوك و دایكی ڕەزامەندیان لەسـەربدایە(نفیسـی،**1388** : 55).

5. **ستر زن**، هەركاتێك پیاوێك بێ ژن و منداڵ دەمرد، پێویسـت بوو خزم و كەسـانی پیاوە مردووەكە، لەسـەر دارایی خۆیان كچێك و كوڕێك مارەبكەن، واتا خزمانی مردووەكە خەرجی شـوكردن و ژن هێنانی كچ و كوڕێكی بێنەوایان لە ئەسـتۆدەگرن،

ئەو کچ و کوڕەیان بە ناوی ستر زنەوە بە یەکدەگەیاند، گوژمەیەکیشیان بۆ خەرجی ڕۆژانەیان پێدەبەخشین، ئەو کوڕەی لەم هاوسەرگیریە دەهاتەجیهانەوە، بە کوڕی کابرای مردوو دەست نیشاندەکرا(ئابادانی، 2002: 175).

بناغەی فرە ژنی یان ژن زۆری بنچینەی پێکهێنانی بنەماڵە بوو، هەرکەس بە ڕێژەی لێهاتوویی و ئامادەیی خۆی و دارایی دەتوانی ژنی زۆری هەبێ، بەڵام کەسانی هەژار و نەدار لە ژنێك زیاتریان نەبوو، لە بەرامبەردا کەسانی دەسەڵاتدار و شاکان ژمارەیەکی یەکجار زۆر ژنیان هەبووە.

### 5. پەروەردەکردنی منداڵ

منداڵ بەشێکی گرنگی زۆربەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بووە، لە دەوڵەتی ساسانیدا گرینگی تایبەتی پێ دراوە، تا ئەو ڕادەی مەبەست لە هاوسەرگیری کردن، خستنەوەی منداڵ بووە، ئەوەیش بۆ مانەوەی نەسلی مرۆڤایەتی بووە، هەبوونی منداڵی چاك پاداشتی زۆر مەزنی لەلای (ئەهۆرامەزدا) هەبووە، هۆکاری لێخۆشبوون بووە لە ڕۆژی دواییدا، دەستی دایك و باوکی دەگرێت لە سەر پردی سیرات دەیانپەڕێنێتەوە. ئاواتی هەموو کچ و کوڕێك ئەوە بووە، کە چوونە ژیانی هاوسەرییەوە ببنە خاوەنی منداڵ، بۆ ئەم مەبەستەش پاڕانەوەی تایبەت هەبووە بۆ داواکردنی منداڵ لە ئەهۆرامەزدا، هەروەکو لە یەسنا 62 بندی 5 دا هاتووە:" **ئەی ئازەری ئەهۆرامەزدا،.منداڵێکم پێ ببەخشە ،کارزان...گەشەدەری ئایین....وڵاتپارێز...ئەنجومەننشین...بیر چاك ورزگاری دەر بن ،تا ماڵ و گوند و شار و وڵات و ناوبانگی وڵات بپارێزن و گەشەی پێ بدەن".**

چەندین ڕێوڕەسمی تایبەت هەبووە هەر لەوکاتەی کە کۆرپەڵەیە لە سکی دایکی دایە تا دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری و گەورە بوون، بۆ نموونە پێش لە دایك بوون چەندین نزا و پاڕانەوەی تایبەت هەبووە بۆ پاراستنی منداڵەکە و هەتاوەکو لە دایك بوونی ئاسان بێ و پێدانی شیر(حکمت،1350 :48)، هەوەکو لە **ئابان یشت کردەی یەکەم. بەندی دووەم هاتووە" ئەوەی کە زایینی ژنان ئاسان دەکاتەوە و لەکاتی خۆیدا مەمکی پڕ لە شیر دەکات"،** هەروەها پێویست بوو ناوێکی شایستە بۆ منداڵ هەڵبژێردرێ کە گوزارشت بێ لە بیروباوەڕی زەدەشتیەت، ناوی نەشیاو بە تاوان هەژمار دەکرا، هەروەها پێویست بوو چاودێری منداڵەکە بکرێ لە شیرپێدانی و پرچ تراشین بە ڕێورەسمی ئایینی (بیات، 1365 :221)، بۆیە هەبوونی منداڵی زۆر لەناو خێزانەکان بە کارێکی پیرۆز و چاك زانراوە، گەورەترین نیعمەت بووە، ئەوەی منداڵی نەبێت بەبێ ناو دانراوە (علوی، 1377 :18). ئەو بۆچوونە لە ناو کوردەواریدا ڕەنگی داوەتەوە، دەوترێ ئەوەی منداڵ نەبێ، یاخود کوڕی نەبێ پێی دەوترێ وەچاغ کۆر.

منداڵ تا تەمەنی پێنج ساڵی[8] لەژێر چاودێری و سۆز ومیهرەبانی دایك دا دەبوو، دیارە ئەمەش بۆ ئەوە بووە نەوەکو منداڵەکە بمرێت کاریگەری لەسەر باوکی بە جێنەهێڵێت (هیرۆدۆت، 2010: 95)، هەرچەندە ئەو هۆکارە زۆر لاوازە، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ منداڵ لەو تەمەنە پێویستی بە چاودێری و سۆزی دایك زیاترە، سروشتی منداڵ وایە لەو تەمەنەدا زیاتر هۆگری دایکی دەبێ، تا تەمەنی حەوت ساڵی، دواتر باوك سەرپەرشتی منداڵەکەی دەگرێتە ئەستۆ، بە واتای ڕەوانەی لای مامۆستایەك یان شوێنی تایبەتی دەکرا بۆ پەروەردە و فێربوون، بۆماوەی هەشت ساڵ، لەو ماوەیەدا پەروەدەی هزری و جەستەیی دەکرا، تا دەگەیشتە تەمەنی پازدە ساڵی کە قوناغێکی نوێ دەستی پێ دەکرد، ئەویش تەمەنی گەنجی و بالغ بوون و پابەند بوون بە زەردەشتیەت، جیاوازی لە نێوان پەروەردەکردنی منداڵانی چینەکاندا هەبووە، چینی خانەدانان پەروەردەکردنی تایبەتی بووە، چونکە ئەوان ئامادە دەکران بۆ ئەوەی ببنە کاربەدەستی حکومەت(عبدالواحد، 2021: 107)، دایکان منداڵاکانیان فێری ڕەوشت بەرزیی، ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن و داب و نەریت و ئاکاری بەرزی کۆمەڵایەتی دەکردن(بیژن، 1315 :10)، بۆیە ئافرەتان لە دەوڵەتی ساسانیدا، دوو ئەرکی سەرەکیان هەبووە، ئەوانیش فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ بووە، بەمەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی گوێڕایەڵ بۆ خزمەت کردنی دەوڵەت، هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزان، لەم ڕوانگەیەوە ئافرەتانی کوردیش بەتەنگ پەروەردەکردنی منداڵ و خزمەتکردنی خێزانەوە بوونە.

## تەوەرەی دووەم

1. ڕۆڵی ئافرەتان لە بواری سیاسیدا

ئافرەت لە دەوڵەتی ساسانیدا خاوەن ماف و پێگەی بەرز بوونە، بەوەی نیوەی کۆمەڵگای ساسانیان پێکهێناوە، لەگەڵ ئەوەی ئایینی زەردەشتی ڕۆڵ و پێگەی ئافرەتانی دیاریکردبوو، هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، لە ناوخێزان و لەچوارچێوەی ئەوە چینەی کە تێیدا ژیاوە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ئافرەتانی کۆشك پێگەیان جیاواز بوو، کەڕۆڵی دیاریان لە کۆمەڵگادا هەبووە، وەکو شاژن، دایکی شا، یان خوشکی شا بوونە، ئەوان لە کۆشك شوێنێکی تایبەتی خۆیان هەبووە، ئافرەتان کۆشك نازناوی تایبەتیان هەبوو، وەك (شهانو،شهابانو) واتا خانمی کۆشك، کە بەرپرس و بەڕێوەبەری کۆشك و سەرپەرشتی خزمەتکار و کەنیزەك و ژنەکانی تری شای دەکرد(پارشاطر،1391 : 103)، بۆ نموونە (ئەردەشێر کوڕی بابك، 224- 241ز) بناغەی دەوڵەتی ساسانی و ناوی دەوڵەتەکەی بۆ خێزانی دایکی دەگەڕێنێتەوە، باپیری، کە باوکی دایکی ناوی (ساسان) بووە(کارنامە، 1339: بخش اول)، دایکی ئەردەشیر ناوی(دینك) بووە نازناوی(خانمە مەزنە) هەبووە، هەروەها (ئەردەشێر) بۆ شەرعییەتدان بە دەوڵەتەکەی

هاوسەرگیری لەگەڵ کچی دوا پاشای ئەشکانی (ئەردەوانی پێنجەم،) کردووە (باقر، 1980: 113؛ Difar, 5)، هەروەها ناوی ئافرەتان لە ئاتشگادا لە پاڵ ناوی شاکاندا هاتووە، وەکو (شاپووری یەکەم، 241-272ز) ناوی کچەکەی(ئازەرناهید) دەبات، لە پاڵ ناوی کوڕەکانی کە ئاتشگای تایبەتی بە ناوی ئەوانەوە بونیاتناوە(عريان، 1372: كتيبه كعبه زردشت، بن 17)، شاژنەکان زۆرجار لەگەڵ شا لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا تا لەبەرەکانی جەنگیشدا لەگەڵ شا بەدەرکەوتوون (بروسيوس،1392: 226)،چەندین ئافرەتی ئەندامبوون لە بنەماڵەی شاهانەی ساسانی دەرکەوتن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەوڵەتیان بەڕێوەدەبرد، بە تایبەتی لەکاتی هەبوونی کێشە و گرفت، یاخود فەراغی سیاسی، کە لەسەر داوای پیاوانی ئایینی و خانەدانان، بۆ نموونە لە پێش دایك بوونی (شاپووری دووەم، 309- 379ز) لەلایەن هەندێ لە مێژوونوسان سەردەمی لاوازی یەکەم ناولێنراوە(الحديثي والحيدري, 1986: 80)، لە دوای کۆچی دوایی (شاپووری یەکەم) دەست پێدەکات، تا هاتنی (شاپووری دووەم) لەم ماوەیەدا، کە شاپوور بچووك بووە، دایکی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بەهاوکاری پیاوماقوڵان لە ئەستۆ گرتبوو، تا ئەو کاتەی کوڕەکەی گەورە بوو، بوو بە شای ئێران، ماوەی دەسەڵاتی شاپووری دووەم بە دووبارە بوژانەوەی دەوڵەتی ساسانی هەژماردەکرێ، کە شاپوور لە ماوەی حوکمرانی خۆی دا توانی گشت کێشەکانی ناوخۆ و دەرەوە چارەسەر بکات (باقر و رشيد, 1980: 129)، هەروەها لە نێوان ساڵانی 457ز- 459 ز لەو کاتەی (یەزگوردی دووەم، 439- 457ز) لە ساڵی 457 ز کۆچی دوایی کرد، کوڕەکەی بە ناوی (هورمزدی سێیەم،457-449ز)، کە حاکمی سکێستان (سجستان) بوو، بوو بە شای دەوڵەتی ساسانی، بەڵام برا بچووکەکەی (فەیرۆز،459- 484ز) ئارەزووی لە دەسەڵات بوو، بۆ ئەم مەبەستەش هێرشی سەربازی کردە سەر براکەی لە ڕۆژهەڵات لە هەرێمی (ڕەی) لە ماوەی تێکهەڵچوونی ئەم دوو شازادەیە دا دایکیان (دینەگ) لە (تەیسەفۆن) حوکمڕانێتی دەکرد (دياكونوف، 1390: 308)، بۆ ماوەی دوو ساڵ حوکمرانی دەوڵەتی ساسانی کرد، واتا لەو ماوەیەی شەڕی براکان بەردەوام بوو(علوى،1386 : 29)، مۆرێک هەیە کە ڕوخساری ئەم ژنە بە **ناو نازناوی (بانبێشنان** بانبێشێن، Banbishnan Banbishn) (شاژنی شاژنان)بە پێی پەهلەوی لەسەر هەڵکەندراوە، کریستنسن لە هێرزفیلد دەگوازێتەوە،قبف کە وتویەتی ئەم نازناوەی شاژن وا دەگەیەنێ کە لەم ماوەیەدا (دینەگ) جڵەوی دەسەڵاتی حکومەتی بەدەستەوە بووە(276:1957).

بەڵام لە نێوان ساڵانی (628ز-632ز) ڕەوشی حوکمداری بنەماڵە بە ئاراستەیەك داچوو، ڕەگەزی نێر لە بنەماڵەدا نەما، بۆیە کورسی حوکمرانی بۆ دوو کچی خوسرەوی دووەم(پەرویز[9]) چۆڵ بوو، ئەو دوو کچەش (بۆران دۆخت و ئازەرمیدۆخت)بوون، کەواتە دەرکەوتنی (بۆران) و (ئازەرمیدوخت)، بۆ ڕەوشی باڵادەستی تیرۆر لە کۆشك و خراپی ڕەوشی سیاسی دەگەڕێتەوە، لە لایەکی تر تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ پێگەی ئافرەت لەسەر بنەما ئایینیەکە سەری هەڵداوە، بۆیە لە لایان ئەستەم بووە ئەگەر ئافرەتێک ببێتە شا یان پێشەوا، لەو ماوەیەدا ڕەوشی ناوخۆی دەوڵەتی ساسانی لەوپەڕی خراپی و ئالۆزی دابووە، بە جۆرێ شەڕی ناوخۆ لەسەر دەسەڵات لەنێو بنەماڵەی ساسانی، چاوتێبڕینی سەرکردەکانی سوپا بۆ دەسەڵات و هەڵگەڕانەوەیان لە دژی حوکمی بنەماڵە (باقرو رشيد، 1980: 161). لە ماوەی دە ساڵ نۆ شای ساسانی، لادران و تیرۆر کران تا ئەو ڕادەیەی وای لێهاتبوو ئەندامانی سەر بە بنەماڵە لەترسی تیرۆر خۆیان دەشاردەوە چونکە کاتێ دەیان دۆزینەوە دەیان کردنە شا و دواتر دەیانکوشتن.

## 2. بوران دۆخت Burhan Dakht

(بوران دۆخت) کچی(خوسرەو پەروێزە)، دایکی ماریەی کچی ئیمپراتۆری بێزنتی بوو، ساڵانی دوایی حوکمڕانی دەوڵەتی ساسانی ڕەوشی کۆشکی هەر خراپتر دەبوو، لە ساڵی 628 ز (خوسرەو پەروێز)بەدەستی کوڕەکەی شیرەویە، ناسراو بە (قوبادی دووەم،627_628ز) کوژرا، هەروەها هەژدە لە کوڕەکانی ئەندامانی بنەماڵە لە لایەن (قوباد) وە تیرۆرکران، الاصفهانی ناوی هەندێ لە ئەنداماکان دەبات لەوانە براکەی (شهريار مردانشا)(1961 :48)، ئەو کارە قێزەونەی ناو کۆشک و ناو ماڵبات زۆری نەکێشا، هەر تەنیا پاش چەند مانگێک قوبادیش لە نێو کۆشک کوژرا (الطبرى،1998، 2، 162)، لەو نێوەدا (ئەردەشێری کوری قوباد) ناسراو بە (ئەردەشێری سێیەم، 628-630ز)، زۆر بەچووکی بوو بە شای وڵات، تەمەنی تەنیا حەوت ساڵ بوو(پيرنيا،2013 : 378)، زۆری نەبرد سوپاسالار (شەهربەراز) (ئەردەشێری سێیەم)ی کوشت و خۆی کرد بە شای وڵات، بەڵام بە حوکمی ئەوەی سوپاسالار (شەهربەراز) لە ماڵباتی شاهانە نەبوو، زوو ئەویش لە کۆشک کوژرا(الثعالبى، 1963: 732)، ئەو بۆشاییە سیاسیەی وڵات، وای لە پیاوماقووڵ و پیاوانی ئایینی زەردەشتی کرد لە نێو کچەکانی (خوسرەوی پەرویز) کچەکەی (بوران دۆخت) بە سەرۆکی وڵات هەڵبژێرن، (الاصفهانى،13 : 48)، وتاجی شاهانەیان خستە سەری و بوو بە شای دەوڵەتی ساسانی، (بوران دۆخت) لەگەڵ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی دەوڵەت، ڕەوشی ناوخۆیی دەوڵەتی ساسانی لەوپەڕی خراپی و ئالۆزی دابووە بە جۆرێ شەڕی ناوخۆ لەسەر دەسەڵات لەنێو بنەماڵەی ساسانی، چاوتێبڕینی سەرکردەکانی سوپا بۆ دەسەڵات و هەڵگەڕانەوەیان لە دژی حوکمی بنەماڵە لە ئارادابوو، بەڵام شاژن توانی بە چاکترین شێوە حوکمڕانی دەوڵەتی ساسانی بکات، بە شێوەیەکی ژیرانە کێشەکانی دەرەوە و ناوخۆیی چارەسەربکات، سەرەتا لەگەڵ پیاوانی ئایینی

زەردەشتی و خانەدان كۆبووەوە داوای یەكریزی و گوێڕایەڵی چاكسازی و دادپەروەری لێكردن(مجهول، 1375: 440)، توانی جارێكی تر ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری بگەڕێنێتەوە وڵات، بۆ مەیسەربوونی ئەو ئامانجەش ڕێككەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیمپراتۆری ڕۆمانی(هێرقل، 610- 641ز)[10]مۆركرد بەو ڕێككەوتە ئاشـتییە توانی كەلێنی دەرەكی بگرێت، پاش گرتنی ئەو كەلێنە بە چەسـپاندنی دادگەری لە وڵاتدا توانی بوژاندنەوەیەكی ئابووری لە ژێرخانی ئابووری دەوڵەتی سـاسـانیدا بكات، لە نوژەنكردنەوەی پرد وبیناكان و دروستكردنی پەرستگا، لەولاوەش بۆ ئەوەی قورسایی سەر شانی هاوڵاتی سووک بكات، سەرانە و باجی لە وڵاتدا زۆر كەمكردەوە (ابن الاثیر، 2003، 1: 141؛ طبري، 1998، 2: 164)، لە هەمووش گرنگتر بۆ ئەوەی پەرە بە دراوی ساسانی بدات، دراوی ساسانی بە ناوی خۆی لێدا، بەهەمان شێوەی باوكی (خوسرەو پەروێز)بوو، تەنها وێنە و ناوی خۆی تێدا نووسرا بوو، لە چەندین شوێن كارگەی لێدانی دراو هەبووە، بەوەی چەند دراوێكی (بوران دۆخت) دروستكراو لە زێر و زیوو برۆنز دۆزراوەتەوە، كە ناوو سـاڵی حوكمڕانی تێیدا نووسـراوە (اورزمانی، 1393: 163)، ماوەی حوكمڕانی (بوران دۆخت) ئەوەندەی نەخایاند، بەهۆی سـەرهەڵدانی كێشـەی ناوخۆ و كودەتای (شـاپووری كوڕی شـەهربەراز) لە سـاڵی 630ز كۆتایی بە حوكمی (بۆران شـا) هێنا و خۆی كردە شـا، بەڵام تەمەنی حوكمرانی (شـاپوور) زۆر درێژ نەبوو، چونكە ژەنەڕاڵ (پیرۆز خەسـرەوی فارسـی) دەسـەڵاتی شـاپووری پەسند نەكرد بۆیە لە دەسـەڵات لایدا و(ئازەرمیدۆخت)ی خوشـكی (بۆران)ی كردە شا.

3. . ئازەرمیدۆخت، Azarmed Ukht

ئازەرمیدۆخت كچی دووەمی (خوسـرەو پەروێزە)، لە نێوان سـاڵانی 630- 631ز حوكمڕانی دەوڵەتی سـاسـانی گرتووتە دەست، بە شێوەی كودەتای (شاپووری كوڕی شەهربەراز) لە سەر مەلیكە (بۆران)، بۆشایەكی سیاسی لە وڵات دروست بوو، ئەو كودەتایە لە لایەن دەسـتەی عەسـكەرتاریەتی سـاسـانی ئیعترافی پێنەكرا، بۆیە حوكمڕانی لە ماڵباتی شـاهانەی سـاسـانی دەرنەچوو، تاقە ئەنجامی كودەتـایەكە لابردنی (بۆران) شـا و هێنـانی (ئازەرمیدۆخت)بوو، (پیرۆز خەسـرەو) كە تەرەفی فارسی(بنەماڵەی ساسان) نێو حوكمڕانیەتی ساسانی بوو (شاپووری كوڕی شەهربەرازی) لادا و (ئازەرمیدۆخت) ی كردە شای وڵات، ڕەوشی سیاسی وڵات وای دەخواست كە ئازەرمیدۆخت وەک خوشـكی كاری لە سەر هاوپەیمانی (پارتی و فارسـی)[11] دەكرد، بۆ پاراسـتنی ئەو یەكێتیە (فەڕووخ هورمزد) داوای لە ئـازەرمیدۆخت كرد مێردی پێبكات، چونكە مەبەسـتی لەم هاوسەرگیرییە بە دەستهێنانی دەسەڵات بووە، هەرچەندە (ئازەرمیدۆخت) ڕازی نەبوو، بەڵام بە هۆی هێزو دەسەڵاتی نەیدەتوانی ڕاستەخۆ ڕەفزی بكاتەوە، بۆیە داوای لێ كرد بە نەهێنی بێتە پایتەخت مەبەستەكەی بەدی بهێنێ، ئەمە فێڵ بوو كە هات، كۆتایی بە ژیـانی هێنـا و كوشـتی، هەروەكو طبری ئـاماژە بەمە دەكات، كە (ئـازەرمیدۆخت)، (هورمزد)ی بە یـارمەتی (میهرانید سـڤاڤخش)بە كوشـت دا، حوكمرانیەكەی (ئازەرمیدۆخت) زۆر كورت بوو، چونكە (ڕۆسـتەم فارۆخزادی) كوڕی (فەڕووخ هورمزد) كاتێ زانی باوكی بەم جۆرە تیرۆر كرا بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە بە سوپایەكی مەزن ڕووی كردە پایتەخت گرتی و (ئـازەرمیدۆخت)ی لێخسـت و كوێری كرد (طبری، 1998 :162)، لە نێو ئەو كێشـە و ڕەوشـە نـاخۆشـەی دەوڵەتی ساسانی(ئازەرمیدۆخت) توانی بەشێوەیەكی شایستە حوكمڕانی بكات، هەروەكو الثعالبی ئاماژە بۆ ئەمە و دەنووسێت(كانت ملكە بحقها و صدقها لو ساعدها الدهر و العمر)(1963: 636)

بە هۆی ئەو ڕەوشـە سـیاسـیەی وڵات كە بە دەسـت پیاوەوە تووشـی ببوو، هەردوو خانم شـا توانیان بە باشـترین شـێوە حوكمداری بكەن و لە سـەقامیگیری ئاشـتی لە ناوەوە و دەرەوە، وەک لە گەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پەیمانی ئاشـتیان مۆر كردووە، لە بواری ناوخۆییش كێشـەی نێوان هەردوو بنەماڵەی ئەشـكانی و سـاسـانی ئاسـایی كردەوە بەوەی پۆسـتی باڵایان بەهەردوو لا بەخشیەوە.

**ئەنجامەكانی توێژینەوەكە**

لە ئاكامی شرۆڤەكردنی ئەم بابەتەدا، گەیشتینە چەند ئەنجامێك، كە دەكرێ لەم چەند خاڵانە كورتیان بكەینەوە:

1: ئافرەتان نیوەی كۆمەڵگای سـاسـانیان پێكهێناوە، لە چوارچێوەی ئەو چینەدا ژیانیان كردووە، كە تێیدابوونە، لە ئاڤێسـتا وشەرحەكانیدا پێگەی ئافرەتیان دیاریكردووە، كە ئەركی سەرەكیان خستنەوەی منداڵ و پەروەردە كردن و ماڵداری كردنە.

2: بنچینەی دامەزرانـدنی حكومەت خێزان بووە، ئەویش لە ڕێگەی هـاوسـەرگیرییەوە بووە، بە كـارێكی بەرز و پیرۆز دانراوە، لەسـەر ئامۆژگارییەكانی زەردەشـت كچ و كوڕەكانیان زووخسـتوتە ژیانی هەڤژینیەوە، تاوەكو بەهۆیەوە كۆمەڵگایەتی پاك دروسـت بێ، هەروەها هۆكارێكیشـە بۆ مانەوە و پاراسـتنی وەچەی مرۆڤایەتی لە سـەر زەوی، بۆیە لە دەوڵەتی سـاسـانیدا نزیكەی پێنج جۆری هاوسـەرگیری لە ژێرناوی جیاوازدا هەبوونە، هەمووی مەبەستی ئەوە بووە دووربن لە ژیانی ڕەبەنایەتی،

کە پەسند نەبووە لە ئایینی زەردەشتیدا، هەروەها منداڵ بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای ساسانی بووە، وەکو دەوڵەتێکی سەربازی پێویستی بەتاکی جەنگاوەر و گوێڕایەڵ بووە.

3: ئافرەتانی کۆشك پێگەیان جیاوازبوو، بۆیە ڕۆڵی دیاریان لە کۆمەڵگادا هەبووە، وەکو شاژن، دایکی شا، یان خوشکی شا بوونە، هەرچەندە حوکمڕانی و پێگەی ئایینی، هیرارکی بوو، بەڵام ئەو دوو دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی تایبەت بوون بە ڕەگەزی نێر، جگە لە دوو کچی (خوسرەوی پەرویز) لە پەیژەی حوکمڕانی ساسانی بوون، ئەوانیش بەهۆی ئاڵۆزیی و هەبوونی کێشە لە دەوڵەتی ساسانیدا ڕێگەدرا بەوەی دوو ئافرەت حوکمڕانی بکەن و توانیان نموونەیەکی جوانیی حوکمڕانی پێشکەش بکەن.


**کتێبە پیرۆزەکان**

_ قورئانی پیرۆز

_ بندهش (1395). فرنبغ دادگی. تهران، انتشارات توس.

_ کتاب الڤنديداد، الابستاه .نقله من الفرنسيه داوود الجلبی. اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.

_دینکرد، کتاب 9.

_ اوستا (1370)،ترجمه: جلیل دوستخواه.تهران ،مروارید

ژێدەر بە زمانی ئینگلیزی.

_Abbott, Nabia(1941) Pre- islamis Arab Queens, The American Journal of Semtic Languages and Literatures, Volume LVIII, Number 1.

-Beal,Samuel (1884).Buddhist Recods the Restern western world. Transatd form the Chinese of Hiuen tasiang (A.D629)London.

-CAWASGI KATRAK, JAMSHID(1965) Marriage in Ancient Iran، India ,Bombay

-Difar, Yagob Mohamma(2013) A study of the Imagery and place of Women in the Sasainan period: Sigillographic Evidece. (yamohamadi@ yahoo.com).

-Daryaee, Touraj(2009)Sasanian Persia , the yse and fall of an empire. I.B Tauris&Co,LTd.

-Difar, Yagob Mohamma(2013) A study of the Imagery and place.

ژێدەر بە زمانی فارسی

_ اورزمانی، فریدون (1393) هنر ساسانی. تهران، انتشارات پازینه.

_ ایمان پور، محمد تقی (1369) نقش روحانیون زردشتی در تقویت حکەمت ساسانی. فصلنامه مطالعات تاریخی، شماره 4 ، ص 212-ص 234.

_ ایرانی، دین شاه (1334) اخلاق ایران باستان. تهران، سلسله انتشارات انجمین ورتشتیان ایرانی بمبئی.

_ بارتلمه، کریستیان(1337) زن در حقوق ساسانی. ترجه: دکتر ناصرالدین صاحب الزمانی. تهران، موسسه مطبوعات عطائي.

_ بروسیوسو ماریا(1392) ایران باستان. ترجمه: عیسی عبدی، تهران، ماهی.

_ بیدکی، هادی (1397) سدره و کستی زردتشی وانعکاس ان در کشتی کرمانجی و شاهنامه فردوسی. در کاهنامه فرهنگ وادبیات عامه، سال 6، شماره 19، ص 176-ص194.

بیژن، ا (1315) چشم انداز اربیا در ایران باستان پیش از اسلام. تهران، چاپخانه خورشیدی.

_ بیات، عزیز الله(1365) کلیات تاریخ وتمدن ایران پیش از اسلام. تهران، انتشارات شهید بهشتی.

- بندهش (1395) فرنبغ دادگی. تهران، انتشارات توس.

_ جمالی، بهرخ و میر محمد حسنی و مهرناز بهروزی(1399) جایگا اجنماعی زنان در دوره ساسانی (به اسناد مهرها واثر مهرها). نشریه مطالعات هنر اسلامی، شماره 39، دوره 17، ص 141-ص158.

-حکمت، علیرضا (1350) اموزش وپرورش در ایران باستان. تهران، موسسه تحقیقات و برنامه ریزی علمی و اموزشی.

-خانی، گلنار قلعه و عزیزی، علی (1384) اهمیت خانواده وازدواج در ایران باستان. مجله مطالعات زنان، سال اول، شمار اول، ص72-ص92.

– دوستخواه، جلیل (1371) اوستا کهن ترین سرودها ومنتهای ایرانی. تهران، انتشارات فروهر.

_ دریایی، تورج (1383) شاهنشاهی ساسانی. ترجمه: مرتضی ثاقب فر. تهران، انتشارات ققنوس.
_ دیاکونوف، میخائیل میخائیلووچ (1390) تاریخ ایران باستان. ترجمه: روحی ارباب، تهران، شرکت انتشارات علمی وفرهنگی.
- دینکرد، کتاب سوم .
– شعبانی، رضا (1380) مروری کوتاه بر تاریخ ایران از اغاز عصر مادها تا پایان دوران قاچاریه. تهران، فهرستنویسی اطلاعات فیپا.
– عریان، سعید (1382) راهنمای کتیبه‌های ایرانی میانه.تهران، میراث فرهنگی.
– علوی، هیدایت الله(1386) زن در ایران باستان. چاپ 3، هیرمند، تهران.
- کارنامه اردشیر بابکان (1339) به اهتمام: محمد جواد مشکور. ایران، کتابخانه و کتاب فروشی دانش.
- گلشنی راد، کریم(1289) جایگاه زنان در اقتصاد دوره ساسانی. فصلنامه علمی پژوهشی زن و فرهنگ، سال دوم، شماره پنجم، ص98_ص 85.
- مظاهری، علی اکبر(1377) خانواده ایرانی دروزگار پیش از ایران. ایران، سلسله انتشارات نش قطره،.
- مزداپور، کتایون(1371) زن در ائین زردتشتی. المان، انتشارات بوید.
- نفیسی، سعید (1388) تاریخ تمدن ایران ساسانی. تهران، شرکت مطالعات و نشر کتا پارسه.
- یارشاطر، احسان واخرون(1391) تاریخ ایران از سلوکیان تا فروباشی دەولت ساسانیان، ترجمه: حشن انوشه، تهران، انتشارات امیر کبیر.
سەرچاوە بە زمانی عەرەبی
– احمد، الشفیع الماحي (2001). زرادشت والزرادشتية. الكويت، حوليات الاداب والعلوم الاجتماعية.
- اسفندیار، بها الدين احمد محمد بن حسن(2002) تاريخ طبرستان. ترجمة: احمد محمد منادى، مطبعة المجلس الاعلى للثقافه، القاهره.
–باقر، طه ورشيد، فوزى وهاشم، رضا جواد (1980) .تاريخ ايران القديم. جامعة بغداد، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.
- ابن البلخي، احمد بن سهل ابو زيد (2001) فارس نامه. تحقيق: يوسف الهادي .مصر، الدار الثقافية للنشر.
- ابن الاثير، عزالدين ابي الحسن علي بن محمد بن عبدالكريم الجزري(2003) الكامل في التاريخ. بيروت، بيت الافكار الدولية،.
- پيرنيا، حسن (2013). تاريخ ايران القديم من بيدايه حتى نهايه العهد الساساني. ترجمه: محمد نوالدين عبدالمنعم ومحمد السباعى. القاهرة،مركز القومي للترجمه.
- الثعالبي، ابو المنصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل النيسابوري(1963) تاريخ غرر السير (غرر اخبار ملوك الفرس وسيرهم).تهران، مكتبة الاسد.
_ الحضراني، بلقيس ابراهيم(1994) الملكة بلقيس بين التاريخ والاسطورة والرمز. القاهرة، اي. ام جرافيك لخدمات الطباعة والنشر,.
_الحديثى، قحطان عبدالستار والحيدرى، صلاح عبدالهادى(1986) دراسات في تاريخ الساسانى والبيزنطى. العراق، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.
- سرور، محمد شكرى(1979) نظام الزواج في الشرائع اليهودية والمسيحية. القاهره، دار الفكر العربي.
- شبيب، نايف محمد(2014) العتقدات الدينية واثرها في المجتمع في بلاد ايران قبل الاسلام. بيروت، دار الكتب العلمية.
- الاصفهاني، حمزة بن الحسن (1961) سنى تاريخ ملوك الارض والانبياء. بيروت، منشورات دار مكتبة الحياة.
- الطبري، محمد بن جرير (1998). تاريخ الطبري المعروف بتاريخ الامم والملوك. الجزء الثاني . بيروت، منشورات موسسة .
- عباس، عبدالهادى(1987). المراة والاسرة في الحضارة والشعوب وانظمتها. دمشق، دار الطلاس للطباعة والنشر.
العمرى، عبدلله خالد الشويرد(2020) تاريخية النص الادبي لظاهرة الوأد في الجاهلية. مجلة كلية دار العلوم، القاهرة، المجلد 37، العدد 132، ص 217-249.
- قنبر، اسرا سمير صفر(2018) مكانه المراة في بلاد فارس في عهد الساسانى(226- 651م)، رسالة الماجستر، كلية ابن رشد للعلوم الانسانية- جامعة بغداد.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

-كريستنسن، ارثر(1957) ايران في عهد الساسانيين. ترجمة: يحي الخشاب، بيروت، دار النهضة العربية للطباعة والنشر.
- كتاب الڤنديداد، الابستاه . نقله من الفرنسيه: داوود الچلبي، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر.
-كيال، باسمة (1981) تطور المراة عبر التاريخ. لبنان، موسسة عزالدين للطباعة والنشر.
_مجهول (1375) نهاية الارب في اخبار الفرس والعرب. تهران، انتشارات وزارت فرهنگ وارشاد اسلامى.
- مرعى، فرســت(2022) زواج المحارم في الديانة المجوســية خلال الافســتا و الروايات التاريخية دراســة تحليلة نقدية، kurdiyat,11816611, page; 73-96
- يوسـفى، جمشـيد(2012) الزرادشـتية والطقوس والتحولات اللاحقة (بناء على نصـوص الافسـتا). الجزائر، دار الويسـام العربي.

**ژێدەر بە زمانی کوردی**

ئابادانی، عەبدڵلا موبلغی(2002) مێژووی ئایینی زەردەشت. وەرگێرانی: وریا قانع، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات،
ئەنوەر، کەیوان ئازاد(2020) مێژووی ئیمپراتۆریی ساسانی. سولەێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
پەهلەوان، فەرهاد عەبدولحەمید(2013) زەردەشت و ئاڤێستا و فەلسەفەی یەکتاپەرستی. هەولێر خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
_ عبدالواحد، کلثومه جمیل(2020) بارودۆخی ڕۆشنبیری و زانست لە دەوڵەتی ساسانیدا(224- 651ز) هەولێر، نوسینگەی تەفسیر.
_هیرۆدۆتس(2010) پوختەیەکی گرنگ لە مێژووی هیرۆدۆت. وەرگێرانی: زانەر محەمەد، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

**پەراوێزەکان**

1 . چینایەتی مێژووەیەکی زۆر کۆنی هەیە بۆ نموونە لە عیراقی کۆندا، لەســـەردەمی بنەماڵە ســـۆمەرییەکان بەوەی چەندین یاســـا و بەندی تایبەتی بەو ســـیســـتەمە هەبووە، هەروەها لەســـەردەمی میدیەکان چینەکانی کۆمەڵگا لە پێکهاتیبوو لە شـــاکان ،موغەکان ،ســـوپایان ، ئاژەڵداران ، کشـــاوەرزان (جووتیاران)،سنعەتکاران –(پیشەگەران) (تاج بخش، 1381: 121).
2 ، چوار چینی ســـەرەکی دابەشـــکرابوون، جگە لە بنەماڵەی دەســـەڵاتدار(ســـاســـان)، جەنگاوەران وپیاوانی ئایینی و نووســـەران و پیشـــەگەران بوون (مجهول،1375: 196؛ پیرنیا، 2013: 395)
3 . دەوترێ شاژنی شانشینی سەبا لە یەمەن ناوی(بیلقیس) بووە، تاکە ئافرەتە لە قورئان باسی هاتووە، کە حوکمڕانی کردووە(الحضرانی، 1994).
4 . بەڵام بە تێڕوانینی نەرێنی بۆ ئافرەتان لە تێگەیشتن بندهش، (بخش 9)سەرچاوەی گرتووە، باس لەوە دەکرێ، کە لە ئەفسانەی زەردەشتدا شـەیتانێیکی مێینە هەیە بەناوی (جهی) کە تێکدەر و خراپکارە، بۆیە لە تێڕوانینی پیاوانی زەردەشـــتی ئەوە چەســـپاوە، کە ئەهۆرامەزدا کاتێ ژنی بۆ منداڵ بوون دروستکردووە، نەیتوانییوە بوونەوەرێکی تر بۆ ئەم کارە دروست بکات(Daryaee, 2009: 59).
5 . هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت (اسـكن انت وزوجك الجنة) البقرە/ 35) هەر لەســـەردەمی پێغەمبەر (ئادەم ســـەڵامی خوای لەســـەی بێ) باوکی مرۆڤایەتی، بەواتای لە مێژووی مرۆڤایەتییدا پێکهێنانی خێزان لە ڕێگەی هاوســـەرگیری بووە، لەم ڕوانگەوە ئەم پرۆسـیەیە لە گشـت شارستانێتیە کۆنەکان بە پیرۆز سەیر کراوە.
6 . ازرپاد مهر اسپندان: بە زیندوو کەرەوەی ئایینی زەردەشتی دادەنرێ و لەسەردەمی(شاپووری دووەم) پلەی موبیدان موبیدی وەرگرتووە، کەسایەتیەکی ئایینی بەناوبانگی زەردەشتی بووە، لە بەرەی باوکی دەگەڕێتەوە بۆ زەردەشت، بنەچەی دایکی بۆ پاشای (گشتاسپ) دەگەڕێتەوە، نەسەبی بە هەشت نەوە دەگەڕێتەوە بۆ زەردەشت پێغەمبەر، بۆماوەی چوار سەدە و نیو بنەماڵەی ئەو پێشەوایەتی ئایینیان کردووە (ایمان پور، 1369: 225).
7 . ناوی مەزدەك كوڕی بامداد، لە نێوان ســـاڵانی(215_ 216_ 217ز) لە خەڵکی ئیســـتەخر بووە، بەداهێنەری ئایینەکە دادەنرێ، هەرچەندە من بە چاكســـازێکی کۆمەڵایەتی دادەنێم، نەك کەســـایەتیەکی ئایینی، تەنها ئایینەکەی بۆ کاریگەری لەســـەر خەڵك بەکارهێناوە چونکە هەمان بۆچوونی ئایینی زەردەشـــتی دووبارە کردۆتەوە، لە شـــەڕی نێوان هەردوو هێزی خراپە و چاکە، تەنها ئەوەی زیادکردبوو،کە کێشـــەی نێوان مرۆڤەکان هەمووی لەســـەر سامان و ئافرەتان دروستبووە، بۆیە بۆ نەهێشتنی کێشەکان ئافرەت و سامانی کردە هاوبەش(عبدالواد، 2022: 18).
8 . ئەویش بەڵام لەم بارەیە وە بیروڕای جیاواز هەیە بەوەی (هیرۆدۆتس و ســـترابون) تەمەنی پێنج ســـاڵی بەتەمەنی ســـەرەتایی دەســـت پێ کردنی پەروەردەی دەرەکی دادەنێن،بەڵام (ئاڤێســـتا و دینکرد وئەفلاتۆن) تەمەنی حەوت ســـاڵی بە پەروەردەی دەرەوەی خێزان دادەنێن، وەك لە کارنـامەی ئەردەشێرجەخت لەسەر تەمەنی حەوت ساڵی دەکاتەوە بۆ دەستپێکی پەوەردەو فێرکردنی دەرەوەی خێزان ك ،(کارنامە:47).
9 . خوسـرەوی دووەم(پەرویز): خوسـرەوی کوڕی هورمز کوڕی خوسـرەو ئەنۆشـێروانە، نازناوی (پەرویز، سـەرکەوتوو) بووە، بەهۆی سـەرکەوتنی بەسـەر سوپای بێزنتییەوە بووە، فراوانخوازییەکانی لەو سـەردەمەدا زۆر بووە، وەك لە بەشـی ئاسیای بچووک (ڕوها، ئەنتاکیە)و سـوریا (دیمەشـق)، تا فەلەستین (بیت المقدس، ئۆرشەلیم)ی داگیر کرد، خاچی پیرۆزی(صلیب المقدس)لەوێوە ناردەوە بۆ(تەسەفون)، دەسەڵاتی تا میسریشی ڕۆیشت و داگیری کردووە(ئەنوەر، 2020: 149).
10 . هێرقـل نـاوی بە تەواوی (Flavius Heraclius Auguatus)ئیمپراتۆری ڕۆمـای بێزنتی بوو، لە نێوان ســـاڵانی(610- 641ز) حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی بێزنتی کردووە، توانی بەســـەر ســـوپای ســـاســـانیدا ســـەرکەوتن بەدەســـتبهێنێت، لە ســـوریا بەدەریان بنێت، یەکی لەو ئیمپراتۆرانەیە ناوی لەسـەرچاوەکانی موسڵمانان هەیە بەوەی پێغەمبەریخۆشـەویست (دروودی خوای لەسـەر بێ) نامەی بۆ ناردووە، لە ساڵی 641ز کۆچی دوایی کردووە(ابن البلخی، 2001: 95).

11 . مەبەست لێی هەردوو بنەماڵەی ئەشكانی و ساسانی(پارسی و پارتی)، چونكە لەم كاتەدا بنەماڵەی ئەشكانی (پارتی) هەوڵیان دەدا دەسەڵات بۆخۆیان بگەڕێننەوە، كە پێشتر ئەوان (ئەشكانیەكتن) دەسەڵاتداربوون بۆیە زۆربەی سەركردەكانی سوپا هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی بگرنە دەست، چونكە خۆیان بە شایستەتر دەزانی.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034